## پارێزگاری هەولێر تاوانێکی بەبەڵگەوە لێ ئاشکرا دەکرێت ،کەچی بەردەوامیشە ....قادر نادر





ئاستی ڕۆشنبیری ونەتەوەیی هەر کەس و گروپێک ، بەندە بە داکۆکیکردنی لەسەر کۆمەلێک پەروەند و لایەنەوە ، وەک هۆشیارکردنەوەی کۆمەلگا و هەوڵدان بۆ جوانکردنی سیستەمی دەسەلات ، کەدادپەروەری کۆمەلایەتی بێنێتە ئاراوە یان خەبات بۆ سەربەخۆیی نەتەوایی ،پارستنی ئاسایشی نەتەوەیی ، داکۆکی کردن لە قوربانیانی کۆمەلکوژی نەتەوە و هەول دان بۆ زیندانی و رسواکردنی جەلادان و هاوکارانی ، داکۆکی کردن لەمێژوو شوێنەواری نەتەوە کەت بکەیت...... . هەر کەس و گروپێک لەدەسەلات یان ئۆپزسیۆن ، ئەگەر ئەم کارانەی لەبواری پراکتیک جێ بەجی نەکرد ، باهەر دروشمی بریقەداری نەتەوەیی لە بارەگا و سەرمینبەرەکانی تیڤی و نوسینە دەرزەنەکان دەرببرێت وبنوسێت ، شێخ ڕەزای تالەبانی گوتەنی وەی شیرِ .

یەکێک لە و خالانەی کەمافی نیشتمان و مەرجی دەولەتی نەتەوایەتیت پێ دەبەخشرێت ، پێویستە مێژوو کەلەپور شوێنەوارێکی جیات لەچاو نەتەوەکانی تر هەبێت . کەئێمە لەم بوارەدا زۆر دەولەمەند ین ، بەڵام بەداخەوە دەولەتە نەتەوایەتیەکەمان پێ نەهاتۆتە ئاراوە .

سەبارەت بە هەولدانی هەندێ بەرپرس ، بەتایبەتی لەشاری هەولێر، بۆ تێکدانی هەندێ گەرەک و شوێنەواری ،یەکێک لەشارە هەرەکۆنەکانی جیهان ( هەولێر ) ماوەیەک لەمەوبەر هەڵمەتێکی گەورەی راگەیاندن ، لەزۆر مالپەر وڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی ، بەشێوازی جۆراو جۆر لە بابەت ، کەمپین ، نارەزایەتی هاتە ئاراوە . ئەم هەڵمەتەی راگەیاندن تارادەیەک کاریگەری دروست کرد ، لەسەر هەلدانەوەی لاپەرەیەکی تری مافیابونی پۆلێ بەرپرسی کورد ، کەبەڕۆژی روناک جەستەیەک لە خاکی نیشتمان دەفرۆشێت و تێک دەدات . وەک پیشەی بەردەوامیش ، دەسەلات وەڵام داینەوە ( ئەمە راست نیە ، ئامانج جوانکردنی شاری هەولێرە ، گەرەکە کۆنەکان تێک نادرێت ، لەژێرەوەش دور لە راگەیاندنی میدیاکان پارێزگار و گروپەکەی لەچەندین شوێن ئاماژەیان بەوە کردوە ، کە دەستێک لەپشت ئەو هەلمەتە هەیە ، وەئاماژەیان بەبەرپرسێک کردوە ، کە گوایە هانمان دەدات ، لەکاتێکدا خۆزیا ئەم بەرپرسە لەم ڕووەوە ئەو هەلوێست و بوێریەی هەبێت ؟ .

ئەگەر چی ئەو هەڵمەتە راگەیاندنەی کە بۆ پاراستنی شوێنەوار و نەفرۆشتنی ئەنجام درا. تارادەیەک کۆمەلگای هوشیار کردەوەو وبەرپرسانی وە ئاگا هێناوە ، کەئەوسەردەمیان بە سەرچوو بەئارەزوی خۆیان ولات و خاکەکەی بکرِن و بفرۆشن ، وە میدیای کوردیش یەکێک لەتەوەرە رەخنەکانی شوێنەواریشی گرتەوە . وە پاشەکەشەیەکی باش بە و پرۆژە مەترسیدارە هات ، بەلام هەمو کات ئەگەری ئەوە هەیە ، سەرلەنوێ سەر هەڵبداتەوە . ئەمە بەندە بەئاستی کاردانەوەی خەلک بەتایبەتی ئەو ڕۆشنبیرانەی کە خاوەن کەرامەتی نەتەوایەتین و دۆلار و دەسەلات نە دەنگیان کپ و نەوشەکانیان لەڕۆژنامەو مالپەرەکان پێ ون دەکات .

راستی مەترسیەکانی ئێمە و پیلانە مەترسیدارەکەی پارێزگاری هەولێر وهەندێ بەرپرسی پشت پەردە ، کەدەیانەوییست زۆربەی گەرەکە کۆنەکانی شاری هەولێر وێران بکەن ، تا پرۆژە ئابوریەکانی خۆیان لە ماستەر پلانی هەولێر جێبەجێ بکەن ، **شوێنەوار ناسی کورد د. عەبدورەقیب یوسف کە هاوکات راوێژکاری شوێنەوارو کەلەپوری شارستانی سەرۆکی**

**حکومەتی کوردستانیشە** ، لە ژمارەکانی 383،384،85 لە ڕۆژنامەی میدیا ، بوێرانە ، بەبەلگەو دوکۆمێنت و زانیاری وردەوە ، پەردەی لەسەر هەلماڵی و ئیمڕۆ بەهێزترین دۆکۆمێنتی زیندوە لەسەر ئەم تاوانەی کەبەنیازبون ئەنجامی بدەن . پرسیاری سەرەکی ئێستا ئەوەیە ، ئایا ئەم ڕاوێژکارەی سەرۆکی حکومەتیش دەستێکی لەپشتە !؟ ئایا تاکەی هزرتان لەوە تێدەپەریت و تێ دەگەن ، کەخەلک خاک و نیشتماکەنەکی خۆش دەویت ،بۆیە شەری کارە قێزەوەن و پڕۆژە مەترسیدارەکانتان دەکات !؟ ئایا تاکەی هەست بەوە دەکەن ، کە ئێستا خەلکی کوردستان لەگۆران دایە و چیتر بوارتان پێ نادات ، وەک کۆیلە سەیری بکەن وخۆمان و خاکمان بەئارەزوی خۆتان بکرن و بفرۆشن ؟ ئایا تاکەی واز لەو قەوانە سواوە دۆراوەتان ناهێنین . ئەمە دەستێکی لەپشتە دژی ئاوەداکردنەوەیە !؟ . ئاخر ئەو پیلانە ژەهراویەی ئێوە دەیکەن ( تێکدانی شووێنەوار ) بە عس بەهەموو فاشیەت و دژایەتیەی بۆ کورد ئەنجامی نەدا ؟

من تێناگەم ئەگەر مەسەلە ئاوادانی وجوانکاریە ، ئەی بۆ ئەو گەرەکە هەژارە مێژویانەی شاری هەولێر ( تەعجیل و خانەقا و سەعدوناوەو گەرەکی عەرەبان و جولەکە ..... ، بە شیوازی مێژویی خۆی ، نۆژەن ناکەنەوە ؟ ئاخر ئەمە باشترین بەلگەیە کە ئامانجی ئێوە جوانکردنی هەولێر و ئاوەدانکردنەوە نیە ؟ لەکام ولات و دەسەلات رویداوە ، گەرەکە شوێنەوارەکان لەسەنتەری شار بێت وە یەک لەدوای یەک بروخێت ، کەچی دەمەتر لەملاتری ئەهرامی فەرعونی و شەقامی ئەوڕپی دروست بکرێت ؟




ڕیزدار عەبدورەقیب نەک پەردەی لەسەر پیلانی وێرانکردنی گەرەکە کۆنەکان هەلداوەتەوە، بەلکو ئاماژەی بە تێکدانی چەندین شوێنەواری گەلەکەمان لەژێر دەستی پارێزگاری هەولێر و جێگرەکەی کردوە ، وەک قەلای عەوێنە لەسالی 2004 وە تێکدانی قەلای رواندز و کۆشکی پاشای سۆران لەسالی 2007 . وەلەدواین ژمارەی ڕۆژنامەی میدیا ئاماژە بە بڕیارێکی مەترسیداری پارێزگای هەولێر دەکات ،کەبەنیازە 31 خانوی کۆن لەگەرەکی (تەعجیل ) کە گەرەکێکی شوێنەواری کوردە تەخت بکات تا پردێک و شەقامێک بۆجوانکردنی ماستەر وێرانی هەولێر بەهێز بکات ؟

ئەوەی ماوەتەوە بە پارێزگار بلێین، ئەوەی وای کردوە کە یاداشت و تاوانی شوێنەوار تێکدان لەکوردستان بە گشتی و هەولێر بەتایبەتی بۆ زیاتر لە 3600 ڕیکخراوی جیهانی نەنێرین ، تەنیا ئامانج ئەوە بوە ، بوارێکتان پێبدرێتێ ئەو پڕۆژە مەترسیدارەتان بوەستێنن وەسیمای دەسەلاتی کوردیش لای ئەو هەموو ڕیکخراو جیهانە ناشیرین نەکەین . چونکە ئەوان نازانن چ پارێزگار و بەرپرسانێکی دواکەوتوی کورد لەبواری شوێنەواردا هەیە . ئەگەرنا هەموی ئامادەیە و یەک پلی ئمێلە و بە 15 دەقیقە هەموی ئاگادار دەکەینەوە . سەرۆکی حکومەتیش با هەر لەرۆژنامەکان بێ بەلگە بلێت ڕۆژنامەنوسان دەستێکی دەرەکی لەپشتیانە . دەمەوێت ئەوە بە سەرۆکی حکومەت بلێم ، تێکدانی شوێنەوار خیانەتێکی نەتەوەیە ، هەر کەسێک ئەنجامی بدا ت و وە بەپێی یاساکانی کۆنی ( ڕژێمی بەعس) سزای لەسیدارەدانی لەسەربوو . بەلام لەژێر دەستی ئێوە بەڕۆژی روناک شوێنەوار لەدوای شوینەوار تێکدەدرێت وە ئاگادر دەکرێنەوە ، کەچی نەک هەر یاسا ولێکۆلینەوەیان لەگەڵ ناکەن ، بەلکو وەک منالێکی بەناز پەروەردەیان دەکەن!؟ ئەرێ بەراست ئەی ئێمەش مافمان نیە پێت بێژین ئەوە پیلانێکی هەرێمیە کە شوێنەوار و مێژوی باوک باپیران و نەتەوەکەمان وێران دەکەن!؟ مەگەر ئەمە دلّی داگیرکەر و دوژمنانی کورد خۆش نەکات؟ .

دلنیام هەزار جار دلنیام ، ڕۆژگارێک دێت زوبێت یان درەنگ ، پۆلێ بەرپرس لەسەر دزین و تێکدانی شوینەواری ئەم گەلە یان لەناو قەفەسی دادگا دەیانبینمەوە یان وەک هیرباکۆس و مەلای خەتێ و مشیری حەمە ناویان بەپێنوسی مێژونوسە رەسەنەکان لەمێژودا تۆمار دەکرێت.

**بۆ زانیاری زیاترلەم بارەوە ،سەیری ئەم 4 لینکەی خوارەوە بکەن ، کەڕیزدار عەبدورەقیب یوسف ، بەبەڵگەو زانیاری وردەوە ، پەردە لەسەر تاوانەکانی کۆن و ئێستای پاریزگاری هەولێر لەسەر تێکدانی شوێنەوارە مێژویەکان هەڵدەداتەوە .**

http://www.yndk.com/archive/folders/2009/m383/m383-14-15.pdf

http://www.yndk.com/archive/folders/2009/m384/m384-14-15.pdf

http://www.yndk.com/m385/m385-14-15.pdf

http://www.yndk.com/m389/m389-12-13.pdf